کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 18-6-2007 22:11

## کێن ئەوانەی ماددەی 140 ڕەتدەکەنەوە.... هاوری رواندزی



بێگومان کەباس لەماددەی 140 دەکەین دەبی ئەوە بزانیین کەئەو ماددەیە دەستوریەو خەڵکی عیراق دەنگیان بۆ داوە، بۆ یە پێویستە لەکاتی خۆیدا جی بەجی بکرێت، هەڵبەتە ئەو ماددەیە مشتومرێکی زۆری دروست کردووە چ لەناوەوە یا لەدەرەوە، ئەو ماددەیەی بۆ چارەسەرکردنی کیشەکانی ناوچەدابراوەکانەی هەرێمی کوردستان دانراوە و بەجێبەجێکردنیشی ئەو ناوچانە دەگەرێنە سەرهەرێمی کوردستان و کیشەکان چارەسەر دەکرێن، ماددەی 140 کەوادانراوە دەبی لەکۆتایی ئەم ساڵدا جێبەجی بکرێت تاوەکو ئێستابەقسە هەنگاوی زۆر هاوێژراوە بۆ جێبەجێکردنی بەڵام بەکردەوە نەخێر و نازانین بۆ؟ ئەوەتا نوری مالکی سەرۆك وەزیرانی عیراق دێتە کوردستان و لەکۆنگرەی رۆژنامەوانیدا پابەندبوونی خۆی بۆ جێبە جێکردنی ئەم ماددەیە دووپاتدەکاتەوە هەروەك نوێنەری موقتەدا سەدر دێتە پەرلەمانی کوردستان و دەڵێت: ماددەی 140، ماددەیەکی دەستورییەو ئێمەش لەگەڵ جێبەجێکردنی دەستوردایین، واتا لەگەڵ جێبەجێکردنی ئەو ماددەیە داین. زۆربەی زۆری تورکمانەکانی کەرکوکیش لەگەڵ جێبەجی کردنی ماددەی (140) ن، هەرچی لێپرسراوی باڵای حکومەتی عیراقە بەقسە پابەندن بەو ماددەیە کەلەکاتی خۆیدا جێبەجێبکری. کەواتا کێن ئەوانەی ماددەی 140 ڕەتدەکەنەوە دەبی ئەوە بزانین ئەوانە ی بەئاشکراو یاخود بەشاراوە ئەو ماددەیە ڕەتدەکەنەوە کەسان و لایەنی بی دەسەڵات و بی توانان و پاشماوەکانی سەدامین و دەیانەوی بارودۆخەکە رۆژ بەرۆژ بەرەو خراپی بروات و تاوەکو ئاستەنگ لەبەردەم جێبەجێکردنی ئەو ماددە دەستوریەدا دروست بکەن!کەواتا: ئەمانە ناتوانن ئەو ماددەیە دوابخەن بۆیە پێویستە هەموولایەك هەوڵ بدەین بۆ ئەوەی ماددەی 140 کەدوارۆژی کوردی پێوە بەندە لەکاتی خۆیدا جی بەجێبکرێت و سەرکردایەتی سیاسی کوردستانیش لەسەر هەڵوێستە بوێرەکانی بەرامبەر بەو ماددەیە بەردەوام بێت. وەپێویستە سەرکردایەتی سیاسی کوردستان لەهەر گۆرانکاریەك دەربارەی ئەو ماددەیە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانی لی ئاگادار بکەنەوەو تاوەکو ئەوانیش هەڵوێستی خۆیان بخەنە روو لەبارەیەوە، هەروەك پێویستە دەزگاکانی راگەیاندن هەرێمی کوردستان لەو کاتە زێرینەدا زیاتر گرینگی بەو ماددەیە بدەن رۆژنامەکانی کوردیش لاپەرەکانیان زیاتر بۆ ماددەی 140 تەرخان بکەن بەتایبەتی ئەو رۆژنامەو تەلەفزیۆن و رادیۆیانەی کەلەشاری کەرکوکن بۆ ئەوەی ناوەرۆکی ئەو ماددەیە بۆ کۆمەڵانی خەلك شی بکەنەوە و گرینگی ئەو ماددەیە بخەنەروو.

hawrerwandzi@yahoo. com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.